جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامەكی بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بڵاوكردەوە



جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامەكی بڵاوكردەوە رایگەیاند، جەژنی رەمەزان لە هەموو موسڵمانان پیرۆزبێت وعیبادەت و ڕۆژووی هەموو لایەك قبووڵ بێت و دەشڵێت،“جەژن بۆنەیەكی گرنگە بۆ ئاشتەوایی و گێڕدن ئازادی و قووڵكردنەوەی گیانی پێكەوەژیان“

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامەكی بەبۆنەوەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانەوە بڵاوكردەوە و رایگەیاند، جەژنی رەمەزان لە هەموو موسوڵمانان پیرۆزبێت و عیبادەت و ڕۆژووی هەموو لایەك قبووڵ بێت و جەژن بۆنەیەكی گرنگە بۆ ئاشتەوایی و گێڕدن ئازادی و قووڵكردنەوەی گیانی پێكەوەژیان و لە ئەمساڵیشدا لەگەڵ بەهاری ڕەنگینی كوردستان و كرانەوەی دەرگا بەڕووی چارەسەركردنی كێشەی مووچە و بودجە ئاوێتە بووە و بەمەش هەندێی تر ڕۆژانی جەژن بۆ هاوڵاتیان خۆشتر و ئارامبەخشتر بووە.

هەر لە پەیامەكەی جێگری سەرۆك وەزیراندا هاتووە، هیوای ڕۆژانێكی پڕ لە خۆشی و ئارامی بۆ هەمولایەك دەخوازم و هەموو ڕۆژەكانتان وەك جەژن پڕبێت لە خۆشی و شادی.